www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:39 2-10-2006

گرفتەکانی نێوان کرێچی و خاوەن خانوو روو لە زیادبوونە! ... ئامادەکردنی: ئارام سدیق

کێشەی کرێچی و خاوەنماڵ بۆتە کێشەیەکی بەردەوامی نێوان باسوخواستی هاوڵاتیانی شاری سلێمانییە، رێگەچارەکانی ئەم کێشەیەش زۆر بە سستی دەڕۆن و لە ئاستی پێویستدا نین، ئەمە لە کاتێکدایە زۆرجار حکومەتی هەرێم یان خۆی لێ لاداوە، یان لایەنگری کرێچی کردووە، چونکە زۆربەی یاساکانی بەڕێوەبردنی وڵات لە سودی کرێچین، بەڵام بیرمان نەچێت ئەو یاسایانە یاساکانی سەردەمی رژێمی بەعس و لە پەرلەمانی کوردستاندا، یان تەعدیلیان تێدانەکراوە، یان ئەو تەعدیلکردنە زۆر کەمە، بۆ قسەکردن لەسەر کێشەی نێوان کرێچی و خاوەنماڵ ئەم بەدواداچوونەی ئەمجامدا.

سەرەتا چوومە نوسینگەی (بانوو) ی کڕین و فرۆشی خانوو لەمەڕ کەمی خانووی کرإ لە (رەئوف مستەفا) ی خاوەن نوسینەگەکەم پرسی و ئەویش لە وەڵامدا وتی؛ لە راستیدا خانووی کرإ کەم نەبۆتەوە، بەڵکو هاوڵاتیان ناوێرن خانووەکەیان بدەن بەکرإ، چونکە کرێچیەکە ئیتر ناڕوات و من لەم نوسینگەیەدام چەندین خانووم داوە بەکإ و ئێستا کرچیەکە چۆڵی ناکات و هیچیشم لە دەست نایەت، بۆیە ئەگەر خانووی کرێشم بۆ بهێنن بڵێن بیدە بەکإ ناتوانم گرنتی ئەوە بدەم کە لە وادەی خۆیدا کرێچیەکە دەدەچإ، مەگەر ئەو خانووە بدەمە خزمی خۆم و لێی راببینم کە بۆ خاوەنماڵەکەی چۆڵ دەکات.

هەر لەو نوسینگەیەدا (حاجی بەکر) لەمەڕ کەمی خانووی کرإ وتی؛ ئەگەر راستت بوێت خانووی کرإ هەیە، بەڵام ناوێرین بیدەین بەکرإ. من خانوویەکی دووقاتم هەیە نایدەم بەکرإ، چونکە کرێچیەکەی پێشوو بە حاڵێکی جوان بۆی چۆڵ نەکردووم بڕوا بکە سإ ملیۆن دینام داوەتإ تا خانووەکەی بۆچۆڵکردووم، ئەویش سەد بیانووم هێناوەتەوە کە پێویستم بەو خانووەیە. دواتر لەمەڕ دانەوەی بەکرإ خانوەکەی چاوەڕێی چی دەکات (حاجی بەکر) وتی؛ ئەگەر یاساو قانوونەکە بەم شێوەیە بێت و پشتگیری لە کرێچی بکات هەرگیز نایدەمەوە بەکرإ مەگەر بە رێکخراوێك یان وەزارەتێك، بەڵام ئەگەر یاساکە گۆڕدرا و یاسایەکی عایدلانە کە نەمافی کرێچی و نەمافی خاوەنماڵ بفەوتإ هاتە ئاراوە ئەوا نەك من، بەڵکو زۆر خەڵکی تریش خانووە چۆڵکانیان دەدەنە کرإ.

دواتر "هێمن ئەکرەم" کرێچیەکی ترە لەگەڕەکی کانی کوردە و ئەویش بەهەمان شێوە بەردەوام لەگەڵ خاوەنماڵەکەیدا لە شەڕدایە و بەڵام خۆی بەبەزیوو نازانإ (هێمن) لەمەڕ کێشەکەی لەگەڵ خاوەنماڵەکەیدا وتی؛ هەرچەندە کرێی خانووەکەم زۆرە، بەڵام خاوەنماڵەکەم داوای زیاتر دەکات و دەیەوإ بۆی بکەمە دووقاتی ئەو کرێیە، یان بۆی چۆڵ بکەم منیش نە بۆی زیاد دەکەم و نە بۆیشی چۆڵ دەکەم، چەنکە هەست دەکەم حکومەتی هەرێم پشتیوانی کرێچی دەکات و کە پێموایە ئەمە باشترین سیفەتی حکومەتی هەرێمە، هەروەها ئەگەر ئێستا ئەو خانووە چۆڵبکەم خانوویەکی زۆر لەوە خراپتریشم بەهەمان نرخ و بەگرانتریش دەست ناکەوإ، بۆیە خاوەنماڵەکەم هەمیشە لێم بەقینە و ساڵێکە مەرحەبایشم ناکات. دواتر لەمەڕ رێگە چارە بۆ چارەسەرکردنی ئەزمەی سەکەن (هێمن) وتی؛ هەتا زوو رێگەچارە بدۆزنەوە درەنگە چونکە ئەو خێزانانەی لە ئەوروپاو ئەمریکا دێنەوە ئەوانیش خانوو و ماڵی مۆدێرنیان دەوێت پارەی باشیشیان هەیە ئەو کاتە هاوڵاتیە هەژارەکان ئەوەندەیتر دەکەونە گرفتەوە، دەمەوإ بڵێم درووستکردنی شوقە و دابەشکردنی زەوی بەشێکی ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات. هەروەها ئەگەر خزمەتگوزاری (ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا) بۆ ئەو زەویە دابەشکراوانە دابین بکەن ئەوا بێگومان بەشێکی زۆرتر لەو زەویانە دەکرێنەوە و ئەو ئەزمەیە کەمتر دەبێتەوە، لەلایەکەترەوە پێدانی عەقار بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ پێویستە.

سۆران عوسمان کرێچییە لەگەڕەکی خەبات و لەمەڕ کێشەی لەگەڵ خاوەنماڵدا وتی؛ کێشەی سەرەکیم لەگەڵ خاوەنماڵکەمدا ئەوەیە کە دوو ساڵە دەیەوإ خانووەکەی بۆ چۆڵ بکەم و منیش بۆی چۆڵ ناکەم، چونکە دەزانم خانووم بە دوو قاتی ئەو نرخە دەست ناکەوێت، بۆیە هەموو سەری مانگإ کە کرێکەی بۆ دەبەم پڕجنێووم دەکات، بەڵام گوێی نادەمإ، چونکە چارم نییە و چاوەڕإ دەکەم ژیان بەرەو باشتر بڕوات، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کاتإ ئەو قسەیە لای خاوەنماڵکەم دەکەم ئەوەندەیتر توڕەدەبێت و سوێند دەخوات کە هەرگیز ژیان لە کوردستاندا بەرەو باشی ناڕوات من خۆم بە قسەی پڕوپوچ و مارکسیانەوە سەرقاڵکردووە.
هاوڕإ نامیق گەنجێکە و ماوەی چوار مانگە کرێچییە و تازە هاوسەری پێکهێناوە و لەمەڕ کێشەی کرێنشینی دەڵێت؛ دیارە بوون بە کرێچی وشەیەکی ناخۆشە بەڵام چاریش نییە ماوەی ساڵونوێکە هاوسەرم پێکهێناوە و بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەگەڵ ماڵی باوکمدا بووم و تا دواجار خانوویەکی کرێم دەست کەوت و بە مانگانەی (225. 000) هەزار دینار گرتوومە و رێك نیوەی مەعاشەکەم دەدەمە کرإ و حاڵیشمان زۆر باش نییە، بەڵام ئیدارە سازییە. ئازاد لەمەڕ یارمەتیدانی گەنجان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەڵێت؛ یارمەتیدانی گەنجان تەنها بەو (750. 000) هەزارەی سولفەی زەواجە نابێت، بەڵکو دابینکردنی سوێنی نیشتەجێبوون ئەوە بناغەی هەموو هاوکاریەکانە چونکە پێموایەکێشەی سەرەکی گەنجانی ئەمڕۆ کە ژنهێنانیان لێگران بووە نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونە کە بێگومان بە چارەسەرکردنی گەورەترین کێشە لە بەردەم گەنجاندا چارەسەر دەبێت
مارف قادر خاوەنماڵێکی ترەوە ئەویش سکاڵا لە دەست کرێچیەکانی دەکات و دەڵێت؛ ئەگەر حکومەتی هەرێم بەیاساکانی خۆیدا نەچێتەوە و بڕیارێکی شایستە دەرنەکات کرێچیەکان خانوەکانمان لێداگیر دەکەن و ئەوکاتەش ئێمە هەوڵدەدەن بەڕێگەی عەشایەری چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین. من دوو کرێچم هەیە و ماوەی سإ ساڵە هەردووکیانم ئیزن داوە و کاری زەروریشم بە خانووەکە هەیە، بەڵام هیچیان ناڕۆن و پشتیان بەو قانوونە قایمە کە حکومەتی هەرێم پشتگیری دەکات، بۆیە دەکرێت حکومەتی هەرێم چاوێك بەو بڕیارانەدا بخشێنێتەوە و چەند بڕیارێکی نوإ دەرکات کە کرێچی نەبێتە خاوەنماڵ و خانووەکەمان لێداگیر نەکات.
مەولود محێدین خاوەن ماڵێکی ترە و کێچیەکی هەیە و لەمەڕ کێشەی لەگەڵ کرێچیەکەیدا دەڵێت؛ هەشت سال لەمەوبەر خانوویەکم داوە بەکرإ و کرێکەیشی زۆر کەمە ئێستا نە کرێچیەکە بۆم چۆڵ دەکات نە کرێکەشم بۆ زیاد دەکات و تا ئێستا چەندینجار بووە بە دەمەقاڵەو شەڕمان ئەو هەر لەسەر دانی ئەو کرإ کەمە بەردەوامەو منیش چارەیم بۆ ناکرێت و حکومەتی هەرێمیش پشتگیری لەو دەکات بۆیە من دەموت بووم.
دواسەرنج
دواجار ئەوەی گرنگە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم پێویستە چاودێرییەکی راستەوخۆی هەبێت لەکاتی بەکرێدان و بەکرێگرتنی خانوو و دوکاندا و ئەمەش لە رێی لیژنەی تایبەت و چالاکەوە دەبێت، هەروەها دانانی چەند یاسا و بڕگەیەك کە تایبەتبێت بەو کێشانەو دەکرێت لە ئێستاوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەوانە بدرێت، هەروەها یەکێکیتر لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونە بۆ ئەو لاوانەی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، کە دەکرێت لە رێی درووستکردنی شوقەی جۆراوجۆر و تایبەتەوە ئەو کەڵنە پڕبکرێتەوە، بەمەرجإ بارودۆخی دارایی ئەو گەنجە لەبەرچاو بگیرێت.